# پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت

پەرلەمانی کوردستان وێڕای ئەوەی بەهۆی کێشە سیاسییەکانەوە درەنگ کەوتە کار، ئێستا کە ساڵێك بەسەر تەمەنی ئەم خولەدا تێدەپەڕێت، کەچی وەك پێویست بە ئەرکەکانی خۆی هەڵنەستاوە، کەمترین یاسای دەرکردووە، لەچاودێری حکومەتدا سستە، کاری لەسەر رەشنوسی دەستور نەکردووە، ئەوەی لەکارە سەرەتاییەکانی ئەم خولەدا تێبینی دەکرێت، ئەو یاسایانەی دەریکردوون لە کاڵایەك دەچن کە بۆ باڵایەکی تایبەت ئامادەکرابن، بۆ نمونە: یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، هەمواری یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، دواهەمین هەوڵیش هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە، بە تایبەت مادەی (١١٠) کە پەرلەمانتار ئازادە حیزب و هەڵوێست بگۆڕێت.

بەر لە هەر شتێ لە پەیرەوی ناوخۆی پێشوو تەنها رێگا درا بوو پەرلەمانتار ئازاد بێت لە کارو چالاکی پەرلەمانتار بوون، لەگەڵ ئەوەش بینیمان تەنها لەسەر جیاوازی راو بۆچونیان نەك حیزب گۆڕین لە خوولی پێشوو بە زۆر و بێ ئاگاداری خۆی، پەرلەمانتار (فەرهاد سەنگاوی) دەرکرا، دواتر بۆ ئەوەی رێگا بگرن لە رۆیشتنی پەرلەمانتاران بۆ ناو حیزبی تر، پەرلەمانی کوردستان لە خولی چوار لەسەرەتای دەستبەکار بوونی لەرێگەی پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە ئامادەکردنی پەیرەوی ناوخۆ کاریان کرد، دواتر بە دوو خوێندنەوەی جیاواز پەسەندیان کرد، کە ئێستا تەنها سالێك بەسەر ئەم پەسەندکردنەدا تێپەڕیوە، کە ئەو کاتە فراکسیۆنی (نەوەی نوێ)ش لەپەرلەماندا بوونی نەبوو. بەلام ئەمرۆ هاتوون ئەو ماددەیە دەستکاری دەکەن کەتایبەتە بە حیزب گۆڕین، نەك هەلوێستی ئازاد، چونکە هەڵوێستی جیاواز بابەتێکەو گۆڕینی حزب لەلایەن کەسێکەوە کەبەدەنگی حزبەکەی چۆتە پەرلەمان بابەتێکی ترە. ئێمە پشتیوانی ئازادی پەرلەمانتار دەکەین لە چوارچێوەی بەرنامەی حیزبەکەی نەك ئازادی بۆ دەرچوون لەحیزبەکەی و چوونە پاڵ حزب و فراکسیۆنێکی تر و بردنی دەنگی حزبەکەی بۆ حزبێکی تر.

ئەم هەموارە کە پەرلەمان خوازیارە بیکات و رێگە بە پەرلەمانتار دەدات بچێتە پال حزب و فراکسیۆنێکی ترەوە، دەبێتە سەرەتایەك بۆ کڕینی کورسی حیزب و ئیرادەی خەڵك، دەبێتە هۆی زولمی زۆرینە لە کەمینە، دەبێتە مایەی ئەوەی حزبە گەورەکان کورسی حزبە بچوکەکان بکڕن، لەلایەکی تر پێشێلی یاسایە، چونکە هیچ کاندیدێك نابێتە خاوەن دەنگی خۆی ئەگەر لەساتی هەڵبژاردندا سەرەتا دەنگ بە لیست نەدرێت، بەپێی یاساو رێکارەکانی هەڵبژاردن کاتێك دەنگدەر دەنگ دەدات، سەرەتا دەبێت دەنگ بە حزب و کیانەکە بدات ئینجا بە کاندیدەکە، هەر دەنگێك ئەگەر تەنها بە حزبەکە درابێت و بە کاندیدیش نەدرابێت هەژمار دەکرێت، بەلام بە پێچەوانەوە دەنگەکە بە پوچەڵ هەژمار دەکرێت. هەموو کاندیدێکی سەرکەوتووش پابەندە بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی هەڵبژاردنی حیزبەکەی، هەروەها ئەمە دژ بە جێگیر بوونی دۆخی یاسادانانە، و دیکتاتۆریەتی زۆرینە لە بەرامبەر کەمینەدا دێنێتە کایەوە، وێرای فەندو فێڵ و گزییەکانی ساتی هەڵبژاردن، تەوق کردنە لە ئەستۆی ئەو فراکسیۆنانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دادەنێن، هەروەك لە رابردوشدا نمونەی لەو جۆرەمان بەرچاو دەکەوێت.

سەربەخۆیی پەرلەمان و ئازادی پەرلەمانتار وەك ئەوەی پروپاگەندەی بۆ دەکرێت، بەم رێگەو شێوازە نایەتەدی، پەرلەمان کاتێك سەربەخۆ دەبێت کە یاسای باش پەسەند بکات، کە لە ئەرکی چاودێری دەسەلاتی جێبەجێکردندا کارابێت، لەرووی داراییەوە سەربەخۆ بێت، لەرووی سەربازییەوە پاسەوانەکانی لەژێر چاودێری و فەرمانی سەرۆکی پەرلەماندا بن.

پەرلەمانتار کاتێك ئازاد دەبێت کە لەبەدواداچوونەکانیدا ئازابێت و رێگەی پێ نەگیرێت، ئەگەر باس لە بەڵێن و کارنامەی حزبەکان بکەین هەرهەموویان لەسەر کاغەز رێکوپێکن و شایەنی جێبەجێکردنن، ئازادی و ئازایەتی پەرلەمانتار ئەوەیە ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکات.

ئەمە لەکاتێکدایە لەپەرلەمان پرۆژەیاسایەکی تر ئامادەکراوە بەمەبەستی هەموار کردنی یاسای هەڵبژاردن لە لیستی نیمچە کراوەوە بۆ لیستی داخراو، ئەوکاتە ئەم هەموارە رێك پێچەوانەی یاساکە دەبێت و جارێکی تر دەبێت هەمواری بکەنەوە، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات پەرلەمانتاران و پەرلەمان ورد نین لە کارەکانیاندا. بۆیە ئەگەر لە دوێنێدا دامەزراوەکانی حکومەت و حزب هەوڵیاندابێت بۆ تەسکردنەوەی کار و ئازادی پەرلەمان و پەرلەمانتاران، ئەوا ئەمرۆ خودی پەرلەمان هەوڵدەدا ئەو ئەرکەی ئەوان جێبەجێ بکات بۆ سنورداركردنی ئەرك و چالاکیەکانیان. ئەم بابەتە بەجۆرێك هەستیارە، لەبەر گرنگیەکەی لەهەندێك ولاتدا لە دەستوردا چارەسەر کراوە، هەربۆیە ناکرێت لەپەرلەمانی کوردستاندا بەپێی رۆژ دەستکاری بکرێت.

لەبەر ئەم هۆکارانە پێویستە پەرلەمانی کوردستان هەمواری ئەو مادەیە رابگرێت، یان دەقی پەیرەوەکە وەك خۆی جێبەجێ بکات کە لادان و مانەوەی پەرلەمانتار لەسەر هەڵوێستەکانی دوواجار بەستراوەتەوە بە رەزامەندی زۆرینەی پەرلەمانی کوردستانەوە کە تیایدا هاتووە: "پەرلەمانتار ئازادە لە کاری پەرلەمانی، بەلام هەر کاتێك ئەندامی فراکسیۆنێك لە فراکسیۆنەکەی خۆی جیابۆوە، یاخود چووە پاڵ فراکسیۆنێکی تر، ئەوا ئەندامیەتی خۆی لەدەستدەدات لە پەرلەمان و کەسێکی تر، لەو فراکسیۆنە بەپێی ریزبەندی شوێنی پڕدەکاتەوە بە رەزامەندی پەرلەمان". بۆیە باشتر وایە پەرلەمان خەریکی ئەرکە سەرەکیەکانی خۆی بێت کە خەڵکی کوردستان و دەنگدەرانی چاوەڕوانیی لێدەکەن.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**٢٠١٩/٩/٢٨**